کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-12-2007 0:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئەمریکا چ گەمەیەکی ترسناک بەرامبەر بە کورد دەکات؟!... حەسەن جودی**

hesen_cudi@yahoo.com

ئەمرۆ ئەمریکا بەکرداری و بەوردی رێنماییەکانی راپۆرتەکەی بیکەر ــ هاملتۆن جێبەجێدەکات، کە قورسایی زیاتر دەداتە پێگەی رژێمەکانی ناوچەکە و رۆڵگیریان دەکاتەوە. لەم پێناوەشدا ئامادەیە تەواوی ترس و نیگەرانییەکانی ئەو رژێمانە بڕەوێنێتەوە ــ کە پێگەی کورد لەناوچەکەدا سەرەکیترینیانە ــ و بەلاوەی بنێت و جێگۆرکێ بە رۆڵ و کارەکتەرەکانی نێو تۆری ستراتیژی خۆی بکات. بەمەش وەك چۆن کورد ــ هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشوور ــ لەو شازدە ساڵەدا بێپەروا بوونە بەردەبازی ئەمریکا تاکو لەخۆرهەڵاتی ناویندا خۆی بەکرداری جێگیر بکات و رژێمی بەعس بڕووخێنێت، ئەوا ئەمڕۆش بۆئەوەی ئەمریکا هەنگاوێکی دیکە بۆ زیاتر تۆکمەکردنی پێگەی خۆی بهاوێژێت پێویست دەکات جێگۆرکێ بە ئەرك و رۆڵ و پێگەی کورد بکات. مسۆگەر لەمیانەی ئەو جێگۆرکێیەشدا گەلێك لەپێشکەوتن و دەستکەوتەکانی گەلی کورد دەبێتە قوربانی و کوردان و وەك میلی کاتژمێر چەندین هەنگاو بۆ دواوە دەگەڕێنێتەوە و وەك گەمەی" پەیژە و مار" لەلوتکەدا شۆڕبێتەوە خواری و شکستێکی تر دەخاتە سەر ئەو هەموو شکستانەی سیاسەتمەدارە گەوجەکانی کورد.

لێرەدا گرنگە دەرك بەوە بکەین کە ئێستا ئەمریکا چ گەمەیەك لەسەر کورد دەکات؟ چ قورێکی خەستی بۆ گرتۆتەوە؟ دەکرێ کوردان چیبکەن تاکو بەکەمترین زیان لەو گەمە قرێژەی ئەمریکا دەربچن؟ بەواتایەکی دیکە تێگەیشتن لە ناواخنی گەمە ترسناکەکەی ئەمریکا لەبەرامبەر کورد هەنگاوی یەکەمە بۆ تێگەیشتن لە ئەرك و پێداویستییەکانی ئەم قۆناخە پڕ هەستیار و چارەنووسسازەی ئێستا.

بێگومان شرۆڤەکردنی رووداوە گرنگەکانی ساڵی رابردوو بەگشتی و ئەم دوو مانگەی دوایی بەتایبەتی لەئاستی ئێراق و باشووری کوردستاندا، زۆر گرنگن بۆ تێگەیشتن لەئاراستەی رووداو و پێشکەوتنەکان. " ژەهرخواردکردنی بەڕێز ئۆجەلان، هاوکاری ئیستخباراتی ئەمریکی بۆ تۆپباران و بۆمبابارانکردنی باشوور لەلایەن سوپای تورکیاوە، گەمارۆی گشتگیرانە لەسەر کامپی مەخموور و قەندیل و داخستنی بارەگاکانی (پ چ د ك) لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە، دواخستنی ماددەی (140)، ئاکامی نێگەتیفی گێرمە و کێشەکانی بودجەی پێشمەرگە و یاسای نەوت و غاز، رێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی تورکیا و ئێراق دژی گەلی کورد و بزاڤە ئازادیخوازەکەی، هەروەها مۆرکردنی رێککەوتنی لێك تێگەیشتنی نێوان حکومەتی ئێراق و ئەمریکا کە بووش و مالیکی مۆریان کرد، سەرلەنوێ بەرۆژڤکردنەوەی پەیڕەوکردنی پەیماننامە شوومەکەی جەزائیری1975ی نێوان ئێران و ئێراق و... هتد" هەموو ئەو رووداوانە پێمان دەڵێن کە؛ ئەمریکا هەر تەنیا گێری خۆی نەگۆڕیوە ــ وەك دەڵێن ــ بەڵکو چارەنووسی کورد بەئاقارێکی زۆر لەوەی ئێستا تراژیدیاتر و خەتەرناکتر ئاراستەگیر دەکات. مخابن سەرانی کوردیش تائێستا جگە لە خۆزیزکردن و منگەمنگێکی زۆر شەرمنانە و رازیبوون بەقەدەری سەپێندراوی ئەمریکا هیچ کاردانەوەیەکی دیکەیان نیشان نەداوە، لەو باوەڕەش دام کە هەرگیز نیشانی نادەن... !! چونکە سەرانی کورد لەباشوور هیچ کاتێك وەك ئیرادەیەکی سەربەخۆ و ئازاد و نوێنەری کورد هەڵسوکەوتیان نەکردووە، سەردانی پایەبەرزێکی ئەمریکا بۆ لای سەرانی کورد، تەنانەت تەلەفۆنێك یان نووکەیەکی ئەو پایەبەرزانە بەسە بۆئەوەی گەورەترین سازش بکەن و چاوپۆشی لە گرنگترین مافی ئەم گەلە خێر لەخۆنەدیوە بکەن... ئیدی بەلۆژیکی" جا لەبەرامبەر ئەمریکا چیمان پێدەکرێت؟ هیچمان پێناکرێت"دا ملکەچی هەموو سیاسەت و بڕیارەکانی ئەمریکا دەبن و جێبەجێی دەکەن. بەمەش بەدوور لەهەڵوێست نواندنێکی جددی و لێبڕاوانە وا دۆش داماون و دەست لەئەژنۆ چاوەڕێی کردنەوەی دەروازەیەکی خێر و سەدەقەن لەئەمریکا تا کەمێك بەزەیی بەکورددا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بێتەوە و ئەو هەموو خزمەت و ملکەچییەی کوردی لەپێش چاو بێت و با نامەردیمان لەگەڵدا نەکات... !!
هەڵبەتە ئەمە هەرگیز پێی ناگووترێت"سیاسەتێکی ئاکامگیر" بەڵکو پێی دەگووترێت "سووکە گلەیی عەبدی مەئمور" یان "قسەلۆکی بن دیواران و فسکەفسکی پیرێژنان".
بەکورتی ئەو گەمەیەی ئەمڕۆ ئەمریکا لەبەرامبەر کورددا بەڕێوەی دەبات لەسەر بنەمای پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتانەیە:
یەکەم: لەئاستی تورکیادا، پشتگیریکردنی زیاتر لەسیاسەتی نکوڵی، قڕکردن و تواندنەوەی گەلی کورد، بەهەڵواسراوی مانەوەی کێشەی کورد کارتی هەرە بەهێزە بۆ زیاتر دەستەمۆکردن و بەخۆوەگرێدانی تورکیا. بۆیە چارەسەرنەکردنی کێشەکە و بەرزکردنەوەی ئاستی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان کورد و رژێمی تورکیا باشترین دۆخ بۆ تەواو تەسلیمبوونی تورکیا دەرەخسێنێت. ئەو هاوکارییەی کەوا ئێستا ئەمریکا بەتورکیای دەدات لەدژی کورد و بزاڤە ئازادیخوازەکەی لەوچوارچێوە دایە.
لەئاستی ئێراقیشدا، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەمریکا ئەو برە دەستکەوت و مافەی کورد بەحیساب بەدەستیهێناوە، دەیکاتە قوربانی ئەو بەرژەوەندییانەی خۆیەوە. لەراستیشدا ئێستا ئەمریکا وەك رابردوو لەئێراقدا بێ دۆست نییە. بەواتایەکی دیکە وەکو پێشان خۆی زۆر موحتاجی کوردان نابینێت. لەمەش زیاتر ئەمریکا ئەمڕۆ ئیرادەیەکی بەهێزی کوردان لە"پ ك ك"دا دەبینێت، ئەمەش بۆخۆی بەمەترسیدار دەبینێت لەناوچەکەدا و دەبێت هەرچی زووە ئەو ئیرادەیە تێکبشکێنێت، هەمیش بەدەستی تورکیا و خودی کوردان تێکیشکێنێت. وەك چۆن خۆی کردۆتە کەڵەگای هەموو جیهان، پێویستە کوردیش وەك فەرمانبەرێکی گوێڕایەڵی ئەمریکا هەڵسوکەوت بکەن، نەك وەك میللەتێك کە خوازیاری بەدەستخستنی ماف و ئازادییەکانی خۆیەتی. بۆیە ئەمریکا لە ئێراق و تورکیا و تەواوی ناوچەکەدا چ رۆڵ و پێگەیەك بەکورد بدات یان نەدات دەبێت پێی رازی بێت و منگەمنگ نەکات و یاخیگیرنەبێت. ئەو رەوشەی ئێستا هێزە دەسەڵاتدارەکانی کورد تێیدا دەژین ئەو رەوشەیە. بۆیە ئەمڕۆ پشتیوانیکردن لەسیاسەتی نکوڵی و قڕکردنی کوردان لەلایەن تورکیاوە تێکشکاندنی ئیرادەی ئازاد و سەربەخۆی گەلی کورد بەگشتی و لە باکووری کوردستان بەتایبەتی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی دەکات. دەبێت حکومەتی ئێراق و هەرێمیش بکەونە خزمەت هەمان ئەو سیاسەتەوە. لەم روووەوە چی پێویست بێت دەبێت ئەنجامی بدەن...
دووەم: زیندووکردنەوەی سیاسەتی "کورد بەکورد بەکوشتدان"ە. ئەم سیاسەتەش هەر لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی لەکوردستان و ناوچەکەدا. چونکە لەبەرژەوەندی ئەمریکادا نییە گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین خاوەن ئیرادەی ئازاد و سەربەخۆی خۆیان بن، نەخاسمە کورد، هەر نابێت خاوەن بچووکترین کاردانەوە بێت لەبەرامبەر هەموو ئەو کەڵەگاییەی کەوا ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەیکات. ئیدی بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ لەدەرەوەی تۆڕی ستراتیژی ئەمریکا ئیرادەیەکی ئازاد و سەربەخۆی کوردان هەیە و "پ ك ك" نوێنەرایەتی ئەو ئیرادەیە دەکات پێویستە هەرچی زووترە ئەو ئیرادەیە بەدەستی خودی کوردان تێکبشکێنێت، یان هەر هیچ نەبێت لاوازی بکات. بۆیە پێی وایە شەڕکردن لەدژی "پ ك ك" خزمەت بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا دەکات. تەنانەت هەندێك لەسەرانی هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشووریش ئەمە لەخزمەتی خودی خۆیاندا دەبینن. ئەمریکا لەساڵی (1992) و ساڵانی دواتریش ئەو سیاسەتەی چەندین جار تاقیکردۆتەوە و شەڕی براکوژی کوردانی پێشخستووە. ئێستاش دەیەوێت هەمان شت پەیڕەو بکاتەوە. ئەو شەڕە براکوژییانە بەپلەی یەکەم رژێمی تورکیا و رژێمە داگیرکارەکانی دیکەی کوردستان لێی سوودمەند بوون، هەڵبەتە بازرگانانی شەڕ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەکوردستانیشدا زۆر لێی سوودمەندبوون و بەشی شێریان بەرکەوت. ئەوەی لەم شەڕانەدا زەرەرمەند بوو بەپلەی یەکەم گەلی کورد و بزاڤە ئازادیخوازەکەی بوو. بەڵام ئەو ئیرادەیە هەر تێکنەشکا...

ئایا ئەمریکا دیسان دەتوانێت هەمان شت پەیڕەو بکاتەوە یان نا؟ ئەمە مەسەلە چارەنووسسازەکەیە. بێگومان ئەمڕۆ گەلی کورد هوشیارترە لەجاران و بەگشتی ئەم شەڕە پەسند ناکات و پشتیوانی لێناکات و هیچ بەهانەیەکیش بۆ شەڕێکی بەمجۆرە نابینێت. بەڵام ئایا هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشوور ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکەنەوە یان نا؟ ئایا ئەو هێزانە توانستی ئەوەیان هەیە تەنیا یەکجار بەئەمریکا بڵێن:"نەخێر"؟ کێشە و گرفتەکە لێرەدایە.

بێگومان نیشاندانی هەڵوێستی جەماوەری سەرتاپاگیری گەلی کورد ڕۆڵێکی گرنگ لەم هاوکێشەیەدا دەبینێت. پێویستە ئەو ڕۆڵە هەرگیز بچووك نەبینرێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەمریکا و هەر هێزێك کەوا نیازی خۆتێوەگلاندنی لەو سیاسەتەی ئەمریکا هەبێت ئەوا پێویستە ئەوە بزانێت هەموو کورد ڕووبەڕووی خۆی دەکاتەوە. ئەوکاتە ئەمریکا لەدۆستە ئازیزەکەی کوردەوە دەبێتە دووژمنە ڕاستەوخۆ و سەرسەختەکەی کوردان!!. هەروەها لەئەگەری بەرپابوونی شەڕێکی وەهادا، شەڕەکە هەر تەنیا هەرێمێکی بچووك، تەنانەت وڵاتێك ناگرێتەوە، بەڵکو بۆ تەواوی خۆرهەڵاتی ناوین و ئەوروپاش تەشەنە دەسەنێت!!. هەر بۆنموونە؛ لەئاستی ناوچەکە و جیهاندا هەندێك هێز و دەوڵەت هەن خۆیان بۆ دۆخێکی وەها مەڵاس داوە، تاکو بتوانن جێپێی ئەمریکا لەناوچەکە لەق بکەن و زەبر لەبەرژەوەندییەکانی بدەن. هەڵبەتە ئەو هێز و دەوڵەتانەش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرژەوەندییان لە سەنگەربەندی ئەو شەڕەدا هەیە و کەم تازۆر خۆیان تێوەدەگلێنن. ئیدی ئەوکاتە قوڕەکە بۆ هەموو لایەك خەستتر دەبێتەوە.

واتا لەو شەڕەدا هیچ شتێك مسۆگەر نییە. تەنیا شتێك کە مسۆگەر بێت ئەوەیە؛ گەلی کورد و بزاڤە ئازادیخوازەکەی "پ ك ك" دەستبەرداری ئەو ئیرادە ئازاد و سەربەخۆیەی خۆیان نابن. چونکە بژاری یەکەم و کۆتاییان هەر بەدەستخستنی ئازادی و ژیانێکی شکۆمەندانەیە. لەم پێناوەشدا هەرچییەك پێویست بێت بێپەروا ئەنجامی دەدەن.

لەڕاستیدا کورد وەك گەل و نەتەوە لەحاڵی حازردا هیچ شتێکی نییە لەو شەڕ و ململانێیەدا تا لەدەستی بدات. تەنانەت ئەو دەستکەوتانەی ئێستا لەباشووردا کە گەلەکەمان بەدەستیهێناوە و هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشوور بۆخۆیان قۆرخیان کردووە، ئەو دەستکەوتەش لەمیانەی ئەو شەڕەدا یان بەتەواوی گەرەنتی دەبێت یان ئەویش دەبێتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا و ئەو هێزە دەسەڵاتدارانەوە.

بۆیە ئەمڕۆ دۆخەکە گەیشتۆتە دووڕیانێك و دوو ڕێگا لەبەردەم ئەمریکا و تورکیا و هەموو هێزە باڵادەستەکانی کوردستان و ناوچەکە و جیهان دایە؛ یان دەستبەرداری سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردن و توانەوە و شکاندنی ئیرادەی ئازادی کورد ببن و دان بە ماف و ئازادی و ئیرادەی گەلی کورددا بنێن، یان ئەگەری ئەوە زۆرە کە هەموو بەرژەوندییەکانیان لەتەواوی کوردستان و ناوچەکە و جیهان بکەوێتە بەرمەترسییەوە. ئیدی ئەگەری هەرە زۆریش ئەوەیە کە تا نەورزی ساڵی داهاتوو هەندێك ڕووکاری ئەو ململانێیە ڕوونببێتەوە و کەمێك یەکلاییبوونەوەش لەئاراستەی ڕووداو و پێشکەوتنەکاندا بێتەدی...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.